سودانی: هەڵبژاردنەکی دادپەروەرانە پێویستە کە بتوانێت خواستەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەدی بهێنێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، مەحەممەد شیاع سودانی ئەمڕۆ شەممە پێشوازی کرد لە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، عومەر ئەحمەد و ئەندامانی ئەنجومەنەکە.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن کرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی (خولی شەشەم)، کە بڕیارە لە ڕۆژی 20ـی ئەم مانگە بەڕێوەبچێت، و تەواوکردنی هەموو ڕێکارە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڵاویکردەتەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پشتیوانی حکومەتی بۆ هەوڵەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان و دەستبەرکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن دووپاتکردەوە، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کۆمیسیۆن و کارمەندەکانی هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی ئەنجامدانیدا، و پێیەوەکردنی بڵایەنی و شفافییەت و بەدیهێنانی دادپەروەری لە هەڵبژاردن، بۆ

پاراستنی دەنگی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکی ئازاد و دادپەروەرانەدا، بەشوێک خواستەکانی هاووڵاتیانی هەرێم بەدی بهێنێت.